# ڤیتارێکی دی

**سارا فەقێ خدر**



ڤیتارێك دێ و لەم وێستگەیە دەوەستێ. ڤیتارێك پڕ..پڕ..لەموسافیر جانتاكانیان ئاخنراولە كاغەز،لێوان لێو لە شەڕابی تفت.لێوڕێژ لە درۆی هەمەجۆر .جانتای چەرم،تەنەكە،قوماش.جانتای بازنەیی لاكێش ولوولەیی..گەشتیارانی ئەم ڤیتارە هەیانە دەگری وهەیانە گۆرانی دەچڕێ.

دادەبەزن ودرووشمەكانیان بریسكەی دێ، وەك ئەوماسیەی شەپۆلی دەریا سەروخواری پێدەكا !. دادەبەزن ودرووشم درووشمی لێدەكەوێتەوە ..قسە، قسەی زلتری لێدەبێ.موژدەكان وەك شنەبا ،ڕووی ئەوانە باوەشێن دەكەن ،كەزەمەنێكە لەم وێستگەیە چاوەڕێن. هەمووجارێ ڤیتارێك بەڕەنگ و ڕووخسار و مۆدێكی تر دەگاتە ئێرە . مندالانی ئێرە بەشەوقەوە دێنە پێشوازی . لەناكاو (بابەنۆئێل)ێك بەڕیشی سپی وجزمەی سوورەوە دادەبەزێ. هەندێك شیرینی فڕێدەدا وبەشەڕیان دەدا .چەند گوناهن ئەومنداڵە شەرمنانەی هیچیان بەرناكەوێ وكزو داماو دەگەڕێنەوە .دەچنەوە باوەشی دایكیان و دەپرسن دایە! بۆچی دایەنۆئێلێش نایە ؟! تاحیكایەتمان بۆبكاو ئاشتمانكاتەوە! ڤیتارێك دێ ولەدوورەوە شووتەكەی گوێمان قولاخ دەكا .ئاخۆ ئەمجارە ...؟! دێن ولووتبەرزانە نەخشەكانی باخەڵیان دەردێنن .لەبەردەم ئێمەی سەرسوڕماو نووكی پێنووسەكانیان دەگێڕن.لەناكاوبەزمانێك كەئێمە لێ ی حاڵی نابین كۆمەڵە ناوێك دەخوێننەوە ،ئێمە نایانناسین .وەڵامەكان لەبەردەمیان شەپۆل دەدەن .دەبنە دەلیلیان بەرەو بنارەكان ، بەرەو دەشتایی و دیمەنەجوانەكان.بەرەو ئەو قەڵایانەی پڕن لە گەوهەر ،ئەو بیرانەی پڕن لەئاوی حەیات، دەبنە دەمڕاست و خاوەنی ئێمە خاوەنی ئاووخاك و شاخ ،خاوەنی منداڵ وگەنج و ژن .چەندان تەن لەڤیتار دادەگرن .شاهانەدەنوون و شاهانەدەخۆن و شاهانە....! لە سەری ڕۆژو سەری مانگ و سەری ساڵەكاندا بەمسقاڵ ماف دابەشدەكەن مافی مرۆڤ و ئاژەڵ و ژن !! دنیا دەكەنە شامی شەریف وقسە نامەكان ئەشهەدویان بۆلێدەدەن.لەولاشەوە لەوێستگەی چاوەڕوانیدا،نووزەی مندالانی تۆقیوو ،هاواری گەنجانی بێ دوارۆژ،لاشەی شێوێنراوی چەندان ژن.. نەخشەیەكی هەلا هەلا، مەملەكەتێكی ئەنگوستەچاو ..بێ ئاوو ئارامی ! لێوان لێو لە دەرد، دەردی هزرو دەردی جەستە، هەڕاجی هیواو خولیاكان،بەژمارەبوونی شارودێ ، زەردهەڵگەڕانی سەوزایی ،بڕوا نەمان بە بڕوا و دواخستنی هەناسەكان ! ڕ ۆژ و مانگ و ساڵ تێدەپەڕن .ئاوی پێی چاوەڕوانی دادێ. جامی سەبر لێی دەڕژێ ..دارو دیواری وێستگە دێنە قسە و نەفرەت لەئاهەنگ و لەمۆم ولەدرۆكانی هاتنی ڤیتارێكی دی دەكەن!

*   *   *